ڕاگەیاندنێك لە

# پارتی چەپی كوردستانەوە

واقیعی تاڵ و تەم و مژاویی كوردستان تا دێت شوێنەواری ڕەشتری بەسەر جەستەی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانەوە زەقتر جێدەهێڵێت و كۆمەڵگەكەمانی بەسەر دوو چینی نامۆ و دژ بەیەكدا دابەش كردووە ، چینی مشەخۆری بۆرژوای لەقاڵبدراو بە بیری ناسیونالیستی لەژێر بیانووی مەترسیەكانی دواڕۆژی نەتەوەدا ، بەردەوام لەسەر بژێوی چینی زۆربەی بەشمەینەتانی كۆمەڵگە ، خۆیان دەوڵەمەندتر و بەرامبەریشیان برسیتر دەكەن.

لە بارودۆخی پڕ تەنگژەی كوردستان و لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانیدا ، باری گوزەرانی خەڵك ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قورستر دەبێت ، ئابوری و بازاڕ بۆ مافیاكانی سەرمایەداریی قۆرخكراوە و قەیرانەكانی سوتەمەنی ، كرێنشینیی ، بێكاریی ، بێكارەبایی ، بازاڕی بەرەڵای بەناو ئازاد ، گرانیی ، گەندەڵیی بەڕێوەبەرایەتی و دارایی و سیاسی و فیكری و بێبەرنامەیی دەسەڵاتی سیاسی ، حیزباندنی كۆمەڵگە ، هەڕەشە و چاوسوركردنەوە ، دەستیان لە گەردنی ڕۆڵەكانی گەلەكەمان بە سەرجەم چین و توێژە نەدارەكانەوە گیركردووە و دووچاری نائومێدیی و ڕەشبینیی كردوون و لە لایەكی تریشەوە ئەم هەلە زەمینەیەكی لەباری ڕەخساندووە تا بەكۆمەك و پشتیوانیی دەوڵەتانی كۆنەپەرستی ناوچەكە هێزێكی مەلاسدراو لەژێر پەردەی ئاینەوە وەك فریادڕەسێك خۆ پێشانبدەن.

ئەم تراژیدیایانە ڕۆژانە چەند بارە دەبنەوە و لە ئاكامی كەمترخەمیی و هەستنەكردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەریان ، هێزە چەپ و ماركسییەكان لە بازنەی دۆگمای فیكریی و خۆبەزلزانین و یەكتر قبوڵنەكردندا دەخولێنەوە ، بۆیە وەك پێویستییەكی مێژوویی قۆناغەكە بۆ وەڵامدانەوە بە بارودۆخی ناهەمواری هەنووكەیی كوردستان ، دوای كۆبوونەوەیەكی ڕوون و لە كەشێكی دیموكراسیدا لەلایەن ئاپۆڕایەك كەسایەتی و كادر و هەڵسوڕێنەرانی چەپ و ماركسیی ، بڕیاری دامەزراندنی (**پارتی چەپی كوردستان**) ڕاگەیەنرا.

(**پارتی چەپی كوردستان**) لە ڕوانگەی پاراستنی بەرژەوەندی باڵای چینی زەحمەتكێشی كوردستان و داكۆكیی لێكردنیان بە شێوەیەك خۆی دەناسێنێت كە بەوپەڕی لێبوردەییەوە دێتە مەیدان و هەنگاوەكانی یەكەمی لەوەوە دەستپێدەكەن كە بە گیانێكی شۆڕشگێڕانەوە بانگەشەی هەموو كەسایەتی و گروپ و ڕێكخراوەكان بكات تا دەستبەرداری خواستی تەسكی حیزبایەتی ببین و لە دەوری یەكتر كۆببینەوە بۆ دانانی بەرنامەیەكی تۆكمە بۆ ئاینده و لە پێناوی ڕێبەرایەتیكردنی نارەزایەتی و خۆپێشاندانەكانی جەماوەر ، تا چیتر گەمە بە چارەنوسی بەشخوراوانی گەلەكەمان و قوت و بژێوی ماڵ و مناڵیانەوە نەكرێت. دەبێت بە خۆماندا بچینەوە و خۆ ڕێكبخەین و لە ناحاڵییبوونی یەكتر دەرباز ببین و یەكتر قبوڵبكەین.

لەجیاتی برەودان بە گەشەی ئابوری و بوژاندنەوەی ژێرخانەكەی و برەودان بە پرۆژەی خزمەتگوزاریی و كردنەوەی كارگە و فابریك و بایەخدان بە بواری كشتوكاڵیی ، ئەمڕۆ زیادتر حیزباندن و پۆلیساندن و هەڕەشەی نانبڕین و سیاسەتی برسیكردن دیاردەی هەرە قێزاویی ناو كۆمەڵگەن و دیاریی دەستی بۆرژوایە بۆ ڕۆڵەكانی گەلەكەمان ، بۆیە ئێستا لە هەموو كاتێك زیادتر ڕەوایە بۆ خۆڕێكخستن و كۆبوونەوە لەژێر چەترێكدا بەرەو ئامانجە ستراتیژییەكان لەپێناوی خزمەتی گەورەی چینی كارگەر و جوتیار و توێژە كەمدەرامەتەكاندا.

(**پارتی چەپی كوردستان**) جەخت دەكاتەوە لەسەر یەكڕیزیی چەپەكانی كوردستان بەرەو یەكگرتنەوەیەكی یەكجاریی و لەپێناوی بەرژەوەندە باڵاكانی زەحمەتكێشاندا.

**ناوەندی كارگێڕیی**

**پارتی چەپی كوردستان**

14ی تەمووزی 2006